مزەفەر حەمید ڕاهێنەری پاسکیل سواری هەڵبژاردەی کوردستان

# پاسکیل سواری کوردستان بوودجەی تایبەتی پێویستە

**لەدایکبووی شاری هەولێری ساڵی ١٩٧٠، لەماوەی زیاتر لە١٨ساڵ وەکو یاریزان خزمەتی یانەی هەولێری کردووە، لەگەڵ چەندین یانە کاری کردووە بەمەبەستی خزمەتکردنی زیاتری یاری پاسکیل سواری لەکوردستان، چەندین یاریزانی پێگەیاندووە لەشارەکانی کوردستان لەهەردوو ئاستی کوڕان و کچان و ماوەیەکی زۆرە وەکو ڕاهێنەری هەڵبژاردەی پاسکیل سواری کوردستان دەستنیشان کراوە، ئێمەش لەنزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجامدا.**

دیمانە: کارزان کاندی



*** ئاشنایەتیت لەگەڵ پاسکیل سواری چۆن دروست بوو؟**

- لای هەموو کەس ئاشکرایە هەر مرۆڤێك ئاشنایەتی لەگەڵ یاریەیەك پەیدا دەکات، منیش ئاشنای پاسکیل سواری بووم، ئەو یارییەیش زۆر سەرنجی ڕاکێشام، باوکیشم زۆریارمەتی دام تاکو ببمە یاریزانی پاسکیل سواری.

*** بەگشتی ئاستی یاری پاسکیل سواری چۆن دەبینی لەکوردستان؟**

- بواری وەرزش بەتایبەتی پاسکیل سواری پێویستی بەیارمەتی ماددی و مەعنەوی هەیە، بەڵام بەمشێوەیە نییە کە لەکوردستان گرنگی پێدرابێت. دەبێت پاسکیل سواری بودجەیەکی تایبەت بەخۆی هەبێت.

*** بەبۆچوونی تۆ وەکو ڕاهێنەرێك چی بکرێت باشە بۆ بەرەوپێشبردنی ئەم یارییە لەکوردستان؟**

- دەبێت وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان پلانی بودجە بۆیانەکان دابین بکات بۆئەوەی یانەکانیش پەرە بەم یارییە بدەن.

*** تۆ ڕاهێنەری هەڵبژاردەی کوردستانی کەچی هیچ کات گوێبیستی ئەوە نابین هەڵبژاردەی کوردستان چالاکی هەبێت؟**

- هۆیەکەی دەگەڕێنمەوە بۆلیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان تاکو ئێستاش پرۆگرامێکی ناوخۆی نییە بەهۆی ئەوەی لەپەرلەمان جێبەجێ نەکراوە، ئەوکات کە جێبەجێ بکرێت ئێمەش داوا لەیەکێتی ناوەندی پاسکیل سواری کوردستان دەکەین هەڵبژاردەی کوردستان دابمەزرێت یەکێتی پاسکیل سواریش داوا لەلیژنەی ئۆلۆمپی بکات بۆئەوەی چالاکیەکانمان ئەنجام بدەین.

*** ئێوە هەر بەناو ڕاهێنەری هەڵبژاردەی کوردستانن یاخود یاریزانتان دەستنیشان کردووە؟**

- وەکو ڕاهێنەری هەڵبژاردەی کوردستان هەموو کات دەتوانم لەگەڵ یاریزانانی کوردستان هەڵبژاردەی کوردستان پێك بهێنین، بەڵام ئەوکاتەی لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان بودجەمان بۆدابین بکات.

*** زۆرکات دەتبینین کاری ناوبژیوانی یاری پاسکیل دەکەی بۆچی؟**

- ماوەیەکی زۆرە وەکو یاریزان و ڕاهێنەر و ناوبژیوان خزمەتی یاری پاسکیل سواری دەکەم لە عێراق و کوردستان، حەزدەکەم خزمەتی ئەو یارییە بکەم.

*** بیستومانە ماوەی چوارساڵە بەخۆبەخش لەگەڵ یانەی قەڵای تورکمانی کاردەکەی؟**

- یانەی قەڵا خزمەتی زۆری یارییە تاکەکان دەکات گرنگی تایبەت بەیارییەکان دەدات. بۆیە ئەم یانەیەش سەرنجی منی بۆلای خۆی ڕاکێشا، ئەوەی لەتواناشم بێت توانیومە لەبواری وەرزش خزمەتی یانەکە بکەم، کێشەش نییە بێ بەرامبەر کاردەکەم لەم یانەیە هۆکارەکەشی بۆئەوەیە کە سەرۆکی یانە و دەستەی کارگێڕی خۆشەویستن لەلام.

*** داواکاری و پێشنیارت بۆلایەنی بەرپرس؟**

- هیوادارم بەرپرسانی وەرزش بەیەك چاو سەیری وەرزش بکەن بەتایبەتی یارییە تاکەکان.

*** بۆچی گرنگی بەئاستی کچان نادرێت لەیاری پاسکیل سواری؟**

-بەش بەحاڵی خۆم سێ تیپی کچانم دروست کرد، هەمووی قوتابی کۆلێژ و پەیمانگا بوون، زۆر یاریزانیش هەیە حەز بە یاری پاسکیل سواری دەکات، بەڵام هاوکاری نییە بۆ تیپی کچان و هەندێك زەحمەتە دروست بکرێت.





# لاوانی یانەی سلێمانی خەڵات کران

هەفتەی ڕابردوو لەشاری سلێمانی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان مەراسیمی خەڵاتکردنی پاڵەوانانی خولی پلە نایابەکانی کوردستان لەسەر ئاستی لاوان ساز کرد، لەمەراسیمێکی قەشەنگدا بەئامادەبوونی مەلا بەختیار سەرۆکی لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان و سەفین کانەبی سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان و گشت ئەندامانی یەکێتیەکە و ژمارەیەکی بەرچاو لەدەزگا ڕاگەیاندنەکان و بەرپرسانی وەرزشی، ئاهەنگی دابەشکردنی خەڵاتەکانی خولی پلە نایابەکانی کوردستان لەسەر ئاستی لاوان بەڕێوەچوو، کە تیایدا لاوانی یانەی سلێمانی بۆ یەکەم جار لەمێژووی خۆیدا توانی پلەی یەکەم بەدەستبهێنێت و یانەی هەندرێن پلەی دووەمی بەدەستهێنا و یانەی کەرکوك پلەی سێیەمی بەدەستهێنا.
جێگەی باسە خولی پلە نایابەکانی کوردستان لەسەر ئاستی لاوان لە(١٤) یانە پێکهاتووە و لەدوا ساتەکانی خولەکەدا پاڵەوانی کوردستان دەستنیشان کرا.

# کوڕە کوردێک دەبێتە یەکەمی کاراتی مۆسکۆ

لەپاڵەوانێتی کاراتی یانەو یاریزانانی وڵاتی مۆسکۆی پایتەختی ڕوسیا کوڕە کوردێکی کوردستان توانی لەکۆی گشت یاریزانە بەشداربووەکان لەئاستی خۆی پلەی یەکەم و مەدالیای زێڕی بەدەست بهێنێت، ئالان عەبدولرەحیم حامد ئەوە کوڕە کوردەی لەدیکبووی ساڵی ١٩٩٧ی کوردستانە و بۆماوەی پێنج جار لەسەر یەك بۆتە پاڵەوانی یاری کاراتی لەسەر ئاستی مۆسکۆ، لەگشت پاڵەوانێتیەکانیش بەئاڵای کوردستانەوە دەرکەوتووە، لەم بارەوە عەبدول ڕەحیم حامد باوکی یاریزانی بەتوانا ئالان بۆ فایلی وەرزشی گوڵان لەوڵاتی ڕوسیاوە گوتی «ئالان یەکێکە لەیاریزانە بەتواناکانی وڵاتی ڕوسیا بۆ پێنج جار لەسەر یەك پاڵەوانی شاری مۆسکۆ بووە و ئەنجامی بەرچاوی بەدەستهێناوە، لەگشت پاڵەوانێتیەکان پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە و ئاڵای کوردستان و وێنەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان هێژا مەسعود بارزانی بەرز کرۆدتەوە». باوکی ئالان گوتیشی ئێمە شانازی دەکەین کە کوردین و بەئاڵای کوردستانیش کوڕەکەم بەشداری پاڵەوانیەکان دەکات لەڕوسیا، لەئێستادا لەلایەن هەڵبژاردەی ڕوسیاش داوای لێ کراوە بۆئەوەی یاری بۆهەڵبژاردەی ڕوسیا بکات، ئێستاش یاریزانی هەڵبژاردەی ڕوسیایە».



# کچانی پێشمەرگەی سلێمانی باڵادەستی خۆیان نواند

لەشاری بەغدا بەسەرپەرشتی یەکێتی ناوەندی گۆڕەپان و مەیدانی عێراقی بە بەشداری زیاتر لە٨٠ یانەی شارەکانی عێراق لە هەریەك لەئاستەکانی پێشکەوتوان و لاوان و تازە پێگەیشتوان و بێچوە شێران لەهەردوو ئاستی کوڕان و کچان پاڵەوانیەتی گۆڕەپان و مەیدان ئەنجامدرا، کە ١٢یانەی هەریەك لەشارەکانی هەولێر و سلێمانی و کەرکوك بەشداربوون، پاڵەوانێتیەکە لەناوچەی جادرییەی شاری بەغدا بەڕێوە چوو، لەپاڵەوانێتیەکەش یاریزانانی بەشداربوو ململانێی بەهێزیان دەکرد لەسەر بەدەستهێنانی پلەکانی پێشەوە، ئەنجامی کۆتاییش بەم شێوەی خوارەوە بوو.

ئاستی پێشکەوتوان-کوڕان
١-یانەی جەیش
٢-یانەی شورتە
ئاستی پێشکەوتوان-کچان
١-یانەی پێشمەرگەی سلێمانی
٢-یانەی موستەقبەل
ئاستی لاوان-کوڕان
١-یانەی جەیش
٢-یانەی کارەبا
ئاستی لاوان –کچان
١-یانەی سوهێرە
٢-یانەی موسەیەب
٣-یانەی کەیوان
ئاستی تازە پێگەیشتوان
١-یانەی نەوتی بەغدا
٢-یانەی ئەلدیری
ئاستی تازەپێگەیشتوان-کچان
١-یانەی زەعیم
٢-یانەی دیالە
ئاستی بێچوە شێران-کوڕان
١-یانەی خالیدون
٢-یانەی بەنی سەعید
ئاستی بێچوە شێران-کچان
١-یانەی کازمییە
٢-یانەی بیلادی
ئەوەی جێگای ئاماژە پێکردنە جگە لەیانەی پێشمەرگەی سلێمانی لەئاستی کچان هیچ یانەیەکی تر ئەنجامی بەرچاوی بەدەستنەهێنا.



# مۆزەخانەی یانەی بەرشلۆنە ژمارەی پێوانەیی تۆمار دەکات

مۆزەخانەی یانەی بەرشلۆنە لەیاریگای کامب نو ئەو شوێنەیە کە هاندەرانی یانەی بلوگرانا دەتوانن لەنزیکەوە دەسکەوتەکانی یانەی ناوبراو سەیر بکەن، ژمارەی پێوانەیی لەسەر ئاستی وڵاتی ئیسپانیا تۆمار دەکات بەبوونی یەکێك لەو مۆزەخانانەی کە زۆرترین میوانی هەبووە لەساڵی ٢٠١١.

ڕۆژنامەکانی ئیسپانیا ڕایانگەیاند کە ئەو مۆزەخانەیە لەناو یاریگای کامب نو پلەی سێیەمی لەسەر ئاستی وڵاتی ئیسپانیا بەدەست هێنا لەڕووی ژمارەی میوانانەوە لەدوای هەردوو مۆزەخانەی برادۆ و ڕینا سۆفیا، ڕاپۆرتەکان دووپاتیان کردەوە مۆزەخانەی بەرشلۆنە لەساڵی ٢٠١١ دا (١٦٢٦٩٩٠) کەس سەردانیان کردووە ئەوەش وایکردووە کە بڕی ٢٥ ملیۆن یۆرۆ وەك داهات بۆ یانەکەی هەرێمی کەتالۆنیا دابین بکات.

بەم ژمارانە مۆزەخانەی یانەی بەرشلۆنە داهاتەکەی بەرێژەی ٢٤٪ لەساڵی ٢٠١١ زیادی کردووە بە بەراوردکردن لەگەڵ ساڵی ٢٠١٠، واش چاوەڕوان دەکرێت داهاتەکە لەساڵی ٢٠١٢ زیاتر بێت بەتایبەتی کە ڕێکخەرانی گەشتەکانی گەشتیاری بۆ شاری بەرشلۆنە ئەم مۆزەخانەیان لەبەرنامەکانی خۆیان داناوە.




# پورتوگال جامی یۆرۆی دەوێت

ئەستێرەی یانەی ڕیال مەدرید کریستیانۆ ڕۆنالدۆ کاپتنی هەڵبژاردەی پورتوگال دووپاتیکردەوە کە ئامانجی سەرەکی هەڵبژاردەی وڵاتەکەی لەیۆرۆی ٢٠١٢ کە هاوینی داهاتوو لەهەردوو وڵاتی پۆڵەندا و ئۆکرانیا ئەنجام دەدرێت، ململانێکردنە لەسەر جامی پاڵەوانەتیەکە، کریستیانۆ لەتۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر بەهاندەرانی هەڵبژاردەی پورتوگالی ڕاگەیاندووە کە شەڕ دەکەن لەسەر جامەکەی یۆرۆی ٢٠١٢ و لەمبارەیەوە گوتی: ئەو ڕەنگانەی درێسی هەڵبژاردەی پورتوگال کە یاریزانەکان دەیپۆشن شەڕ دەکەن لەجامی نەتەوەکانی ئەوروپا لەگەڵ یەك ئامانج کە ئەویش بەدەستهێنانی جامەکەیە.

هەڵبژاردەی پورتوگال کە لەپلەی شەشەمی باشترین هەڵبژاردەکانی جیهان دێت لەگروپی دووەمی یۆرۆی ٢٠١٢ یاری دەکات کە بەگروپی ئاسنین ناسراوە و یارییەکانی بەرامبەر هەڵبژاردەی ئەڵمانیا لەڕۆژی ٩ی حوزەیران و هەڵبژاردەی دانیمارك لەڕۆژی ١٣ی حوزەیران و هەڵبژاردەی هۆڵەندا لەڕۆژی ١٧ی حوزەیران یاری دەکات.



# لەیاری هەموو ئەستێرەکان.. ڕۆژئاوا لەڕۆژهەڵاتی بردەوە




لەیاری ساڵانەی هەموو ئەستێرەکانی خولی باسکەی ئەمریکا NBA، هەڵبژاردەی ڕۆژئاوا بەئەنجامی ١٥٢ خاڵ بەرامبەر ١٤٩ خاڵ لەهەڵبژاردەی ڕۆژهەڵاتی بردەوە، یارییەکە لەشاری ئۆرلاندۆ ئەنجامدرا بەئامادەبوونی ١٧ هەزار کەس کە بۆ جاری ٦١مینە ئەم یارییە ڕێك دەخرێت، ڕاهێنەری هەڵبژاردەی ڕۆژئاوا سکۆت برۆکس بوو کە ڕاهێنەری یانەی ئۆکلاهۆما سیتی ساندەرە کە تیپەکەی لەپێشەنگی ناوچەی ڕۆژئاوا دێت لەو کاتەی ڕاهێنەری هەڵبژاردەی ڕۆژهەڵات تۆم سیبۆدۆ بوو کە ڕاهێنەری یانەی مەیامی هیتە کە تیپەکەی لەپێشەنگی ناوچەی ڕۆژهەڵات دێت.

پێنج یاریزانە سەرەکییەکی هەردوو هەڵبژاردەکە لەڕێگای دەنگدانی هاندەرانەوە دەست نیشان دەکرێن و یاریزانەکانی یەدەگیش لەلایەن ڕاهێنەرەوە بانگهێشت دەکرێن، لەیارییەکەدا کە سیمای هێرشبردنی پێوە دیار بوو یاریزانی هەڵبژاردەی ڕۆژئاوا کیڤن دۆرانت بەباشترین یاریزانی یارییەکە دەست نیشانکرا دوای ئەوەی ٣٦ خاڵی تۆمار کردو ٧ تۆپی وەرگرتەوە، لەهەڵبژاردەی ڕۆژئاوا یاریزان کۆبی براینت ٢٧ خاڵی تۆمارکرد، لەهەڵبژاردەی ڕۆژهەڵاتیش یاریزان لیبرۆن جێمس ٣٦ خاڵی تۆمارکرد، براینت بۆ ساڵ ١٤یەمین لەسەر یەك بەشداری لەیاری هەموو ئەستێرەکان دەکات.

بەم سەرکەوتنە و لەکۆی ٦١ یاری هەموو ئەستێرەکانی ڕۆژئاوا لە٣٧ یاری سەرکەوتنی بەدەست هێناوە بەرامبەر ٢٤ سەرکەوتن بۆ ڕۆژهەڵات، ئەمەش ئەنجامی یارییەکانی ١٠ ساڵە:

٢٠٠٣ لەئەتلانتا ڕۆژئاوا بردیەوە بەئەنجامی ١٥٥ – ١٤٥ خاڵ، کیڤن گارنێت باشترین یاریزان بوو

٢٠٠٤ لەلۆس ئەنجلۆس ڕۆژئاوا بردیەوە بەئەنجامی ١٣٦ – ١٣٢ خاڵ، شاکیل ئۆنێل باشترین یاریزان بوو

٢٠٠٥ لەدەنیڤەر ڕۆژهەڵات بردیەوە بەئەنجامی ١٢٥ – ١١٥ خاڵ، ئالان ئیڤەرسۆن باشترین یاریزان بوو

٢٠٠٦ لەهیوستن ڕۆژهەڵات بردیەوە بەئەنجامی ١٢٢ – ١٢٠ خاڵ، لیبرۆن جێمس باشترین یاریزان بوو

٢٠٠٧ لەلاس فیگاس ڕۆژئاوا بردیەوە بەئەنجامی ١٥٣ – ١٣٢ خاڵ، کۆبی براینت باشترین یاریزان بوو

٢٠٠٨ لەنیوئۆرلیانز ڕۆژهەڵات بردیەوە بەئەنجامی ١٣٤ – ١٢٨ خاڵ، لیبرۆن جیمس باشترین یاریزان بوو

٢٠٠٩ لەفینکس ڕۆژئاوا بردیەوە بەئەنجامی ١٤٦ – ١١٩ خاڵ، کۆبی براینت باشترین یاریزان بوو

٢٠١٠ لەدالاس ڕۆژهەڵات بردیەوە بەئەنجامی ١٤١ – ١٣٩ خاڵ، دواین وێد باشترین یاریزان بوو

٢٠١١ لەلۆس ئەنجلۆس ڕۆژئاوا بردیەوە بەئەنجامی ١٤٨ – ١٤٣ خاڵ، کۆبی براینت باشترین یاریزان بوو

٢٠١٢ لەئۆرلاندۆ ڕۆژئاوا بردیەوە بەئەنجامی ١٥٢ – ١٤٩ خاڵ، کیڤن دۆرانت باشترین یاریزان بوو






# ڕیال نزیکە لەنازناوی لیگا

ڕافائیل نادال ئەستێرەی بەناوبانگی یاری تێنسی سەر زەوی ئیسپانی دووپاتیکردەوە کە یانەی ڕیال مەدرید لەم وەرزە نزیکترە لەبەدەستهێنانی خولی لالیگای ئیسپانیا نەك یانەی بەرشلۆنە کە لەسێ ساڵی ڕابردوو نازناوەکەی بەدەستهێناوە.

نادال بەوە ناسراوە کە هاندەرێکی نزیکی یانەی ڕیال مەدریدە، هۆکاری دەستنیشانکردنی یانەی شاهانە بۆ جیاوازی زۆری خاڵەکانی نێوان هەردوو یانە گەڕاندەوە کە گەیشتۆتە ١٠ خاڵ ئەوەش ئەرکی یانەی بەرشلۆنە لەپارێزگاریکردن لەنازناوەکە زۆر زەحمەت دەکات.

لەهەمان کاتدا نادال لەچاوپێکەوتنێکی تەلەڤزیۆنیدا ستایشی ئاستی یانەی بەرشلۆنەی کرد و ڕایگەیاند کە ڕێز لەیانەی بلوگرانا دەگرێت، چونکە باشترین تیپە لەجیهان و یاریزانانی یانەی ڕیال مەدریدی ئاگادارکردەوە کەدەبێ وشیار بن لەیارییەکانی داهاتوودا، چونکە تا ئێستا نازناوی لالیگا یەکلانەبۆتەوە.




ئامادەکردنی ئەم دوو لاپەڕەیە: سالار جەلال

لەیەکەم یارییدا لەجامی یەکێتی ئاسیا

# سبەی هەولێر میوانداری کازمەی کوەیتی دەکات

لەچوارچێوەی یارییەکانی جەولەی یەکەمی قۆناغی یەکەمی جامی یەکێتی ئاسیا بۆ تۆپی پێی کۆمەڵەی دووەم، یانەی هەولێر سبەی سێشەممە میوانداری یانەی کازمەی کوەیتی دەکات لەیارییەکی بەهێز و گرنگدا.


**هەولێر بۆ ئەم یارییە ئامادەیە**

دەستەی ڕاهێنەرانی یانەی هەولێر ئامادەباشی خۆیان بۆ ئەم یارییە نیشاندا دوای ئەوەی لەخولی بژاردەی عێراق لەدوایین یاریان بەرانبەر یانەی حدود توانیان سەرکەوتن بەدەستبهێنن و لەپێشەنگی خولەکە بمێنن، بۆ ئەم مەبەستەش دەستەی ڕاهێنەرانی یانەکە پشتی بەچوار یاریزانی پیشەگەر بەستووە، ئەویش هەریەکە لەیاریزانان نەدیم سەباغ-ی سوری و عەبدولرەزاق حوسێن-ی سوری و ئیڤان بۆکینیا ئۆگەندی و ئیفی ئۆبۆدی نێجیری، لەهەمان کاتدا هیچ یاریزانێکی یانەکە تووشی پێکان نەهاتن و لەڕووی جەستەییەوە لەئامادە باشیدان.

**کازمە-ی کوەیتی گەیشتە هەولێر**

ڕۆژی یەکشەممە شاندی یانەی کازمەی کوەیتی بەفرۆکەیەکی تایبەت گەیشتە شاری هەولێر بۆئەوەی ڕووبەڕووی یانەی هەولێر ببێتەوە لەچوارچێوەی یارییەکانی جامی یەکێتی ئاسیا، شاندی یانەکە لە٣٥ کەس پێکهاتووە، لەسەرۆك یانە و ئەندامانی دەستەی کارگێڕی و ٢٨ یاریزان، کە تیاییدا ٤ یاریزانی پیشەگەرە ئەویش یاریزانەکانی عومان و مەغریب و بەرازیل و گامبیا.

ڕاهێنەری بەناوبانگ میلان ماتشالا ڕاهێنەرایەتی ئەم تیپە دەکات و پێش هاتنی بۆ شاری هەولێر یانەی کازمەی کوەیتی ئۆردوگایەکی مەشقی بۆ ماوەی ١٠ ڕۆژ لەشاری دوبەی ئیمارات ئەنجام دا و یەك یاری دۆستانەی بەرانبەر یانەیەکی ئۆزبەکستانی ئەنجامدا و یارییەکەش بەئەنجامی (٢-سفر) گۆڵ دۆڕا، یانەی کازمەی کوەیتی لەوەرزی ئەمساڵی خولی نایابی کوێت-دا لەپلەی چوارەمی خولەکە دێت بەکۆکردنەوەی ١٠خاڵ لە٨ یاری و هیوای بەدەستهێنانی نازناوی خولەکە لاواز بوو، چونکە جیاوازی ١٤ خاڵی لەگەڵ خاوەنی پلەی یەکەم هەیە.



**دەستەی ناوبژیوانی یارییەکە گۆڕا**

دوای ئەوەی یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا ماوەیەك پێش ئێستا بڕیاری دا دەستەیەکی ناوبژیوانانی بەحرێنی

ڕێبین ڕەمزی

## ...وەێتی دەکات

یارییەکە بەڕێوە ببەن، بەڵام بەشێوەیەکی کتوپڕ یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا دوو ناوبژیوانی بەحرێنی بۆ دوو ناوبژیوانی ئیماراتی گۆڕی، بەهۆی سەرنەکەوتنی ئەم دوو ناوبژیوانە بەحرێنیە لەتاقیکردنەوەی لێهاتوویی جەستەیی یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا، دەستەی ناوبژیوانی یارییەکەی هەولێر و کازمەی کوەێتی پێکهاتووە لە(محەمەد عەبدوڵڵا ناوبژیوانی ناوەڕاست (ئیمارات)، یاسر خەلیل (ئیمارات) یاریدەدەری یەکەم، سەید جەلال مەحفوز (بەحرێن) یاریدەدەری دووەم، سلێمان سەلامە (ئوردن) ناوبژیوانی چوارەم.

بۆ ئەم مەبستە دەستەی ناوبژیوانانی یارییەکە ڕۆژی یەکشەممە گەیشتنە شاری هەولێر و لەنزیکەوە سەیری یاریگەی شەهید فرانسۆ هەریریان کرد.

### سەرپەرشتیاری ئەمنی بۆ یارییەکە دەستنیشان کرا

دوای ئەوەی لەگەڵ ئەنجامدانی تیروپشکی جامی یەکێتی ئاسیا بۆ تۆپی پێی، یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا هەڕەشەی گواستنەوەی یارییەکانی یانەی هەولێر-ی کرد بۆ دەرەوەی یاریگەی خۆی بەبیانووی خراپی باری ئەمنی، بەڵام دوای چەند هەوڵ و کۆششێکی زۆر یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا ڕەزامەندی لەسەر بەڕێوەچوونی یارییەکانی یانەی هەولێر دا لەنێو یاریگەی خۆی، بەڵام بڕیاری دا لەیارییەکی هەولێر و کازمەی کوەێتی سەرپەرشتیاری ئەمنی بۆ یارییەکە دەستنیشان بکات بۆ ئەوەی ئەم سەرپەرشتیارە ئەمنییە لەنزیکەوە ئاگاداری بارودۆخی ئەمنی شاری هەولێر و هەرێمی کوردستان بێت و ڕاپۆرتێکی تێروتەسل ئاراستەی یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا دەکات، ئەم سەرپەرشتیارە ئەمنییە، خەڵکی مالیزیایە.

### کاتی یارییەکە و نرخی بلیتی هاتنە ژوورەوەی یاریگا دیاری کرا

سبەی سێشەممە لەیاریگەی فرەنسۆ هەریری لەشاری هەولێر کاتژمێر (٦)ی ئێوارە یانەی هەولێر ڕووبەڕووی یانەی کازمەی کوەێتی دەبێتەوە، بۆ ئەم مەبستە دەستەی کارگێڕی یانەی هەولێر نرخی بلیتی یارییەکەی تەرخان کرد بەبڕە پارەیەکی ڕەمزی ئەوەیش (٢) هەزار دینارە، چونکە بەپێی ڕێنماییەکانی یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا نابێت هاتنەژوورەوە بۆ جەماوەر لەم یارییە بەخۆڕایی بێت.

### یاریزانان داوای ئامادەبوونی جەماوەر دەکەن

یاریزانانی یانەی هەولێر بۆ یارییەکەی سبەی سێشەممە پەیامێکیان ئاراستەی جەماوەری یانەی هەولێر کرد، کاتێك داوایان کرد ژمارەیەکی بەرچاوی جەماوەری یانەی هەولێر لەنێو یاریگەی فرەنسۆ هەریری ئامادە بن بۆ هاندانی یانەی هەولێر و پاڵپشتی یانەکە بکەن، چونکە یانەی هەولێر لەیارییەکەی سێشەممە پێویستی بەپاڵپشتی جەماوەر هەیە و بەبێ جەماوەر یاریزانان ناتوانن هیچ شتێك بکەن، واش چاوەڕوان دەکرێت ڕۆژی سێشەممە ژمارەیەکی زۆر لەهاندەران لەنێو یاریگە ئامادە بن.

جێگەی باسە یانەی هەولێر لەجامی یەکێتی ئاسیا لەکۆمەڵەی دووەم شانبەشانی یانەکانی (کازمەی کوەێتی، عەروبە-ی یەمەنی، ئیست بەنگالی هیندی) یاری دەکات.

# پایسکیل سواری برایەتی هەڵبژاردەی عێراق کۆنتڕۆڵ دەکەن

دوای بەشداریکردنێکی سەرکەوتووی هەڵبژاردەی لاوانی پایسکیل سوارانی عێراق لەپاڵەوانیەتی پایسکیل سوارانی ئاسیا کە لەوڵاتی مالیزیا بەڕێوەچوو، یاریزانی یانەی برایەتی (سوهێل سامی) توانی پلەی دەیەم بەدەست بێنێت لەسەر ئاستی وڵاتانی ئاسیا کە لەگەڵ پلەی یەکەم تەنیا (٥٠) چرکەی جیاواز بوو، هەرسێ یاریزانی لاوای عێراق (ئاری یوسف و هونەر تەحسین و محەمەد بەکر) کە سەرجەمیان کوردن و لەریزی یانەی برایەتین ئەوانیش دوای یاریزان (سوهێل سامی) توانیان پلەکانی دووەم و سێیەم و چوارەم بەدەست بێنن، بەم شێوەیەش کوڕانی پایسکیل سواری یانەی برایەتی لەسەر ئاستی لاوان هەڵبژاردەی عێراقیان بۆ خۆیان داگیر کرد و کردیان بەیانەی برایەتی و لەمبارەیەوە جێگری یانەی وەرزشی برایەتی (بەکر بەهرام) وتی: بێگومان یانەی برایەتی مێژوویێکی پڕ دەستکەوت و ئەزموونێکی دەوڵەمەندی هەیە لەم یارییە لەسەرەتای دامەزراندنی ئەم یانەیە و تا ئێستاش بەردەوامە، بێگومان ئەمەش بۆ دوو هۆکاری گرنگ دەگەڕێتەوە، یەکەمیان کارایی سەرۆك و دەستەی کارگێڕی ئەم یانەیە و خۆماندووکردن و هزر و توانای ڕاهێنەران و یاریزانە ئازیزەکان، جێگای ئاماژەپێکردنە بەمەبەستی خۆئامادەکردن بۆ پاڵەوانیەتی وڵاتانی عەرەبی کە بڕیارە مانگی داهاتوو لەوڵاتی ئیمارات بەڕێوەبچێت، شاندی هەڵبژاردەی پایسکیل سواری کوڕان و کچانی عێراق بەرەو وڵاتی ئێران بەڕێکەوتن بۆ ئۆردوگایەکی مەشق و ڕاهێنان، لەمبارەیەوە (کوێستان عەزیز) سەرپەرشتیاری پایسکیل سواری یانەی برایەتی وتی: بەڵی بۆ ئەم مەشق و ڕاهێنانە کە لەوڵاتی ئێران بەڕێوەدەچێت لەکۆی (١٠) یاریزان شەش یاریزانی یانەی برایەتییە کە بریتین لە(دەوەن حوسێن و نیان یاسین و سوهێل سامی و ئاری یوسف و هونەر تەحسین و محەمەد بەکر) و دوو یاریزانی یانەی نەورۆز بەناوەکانی (زریان عەتا و سۆز دڵشاد) و یاریزان (سیوە محەمەد) لەیانەی فەتاتی کەرکوك کە بۆ یانەی نەورۆز یاری دەکات، لەم پاڵەوانیەتیە یاریزان (مستەفا عومەر) لەیانەی موسڵ بۆ یانەی یاری دەکات، شایانی باسە کوڕان و کچانی کوردستان سەدا سەدی پێکهاتەی هەڵبژاردەی عێراق پێك دێنن کە بەم شێوەیەیە، یانەی برایەتی ٦٠٪ هەڵبژاردەی عێراق پێك دێنن و یانەی نەورۆز ٣٠٪ پێك دێنن و یانەی هەولێر ١٠٪ی پێکهاتەکە پێك دێنن.

